## پاسۆک و چالاکی و هەڵوێستێکی گەورەی مێژوویی و تاقانە...

هەڵۆ بەرزنجەیی۲۰۲۰/٤/۱٦





لە مێژووی بزاڤی ڕزگارخوازی کورددا، زۆر داستان و قارەمانێتی و ڕووداوی گەورە تۆمار کراون. گەلێ هەڵوێست و مەردایەتیش بە زیندوویی نوسراونەتەوە و بوونەتە لاپەڕەیەکی گەشی مێژوومان..

ئەم چیرۆکەی لێرەدا بۆتان دەگێڕینەوە، جگە لەوەی لێوان لێوە لە هەموو ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان پێدا، هاوکات هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندی جیاواز و بێ نموونەیە، بەتایبەت لە ڕووی مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول . ئەو مێژووەی کە بەداخەوە سیخناخە بە گیانی حیزب حیزبێنە و خۆپەرستی و خۆخۆری و بەرژەوەندی پەرستی و زۆر شتی تری نەرێنی. دوای نسکۆ۱۹۷۵، کۆمەڵێ حیزب و ئایدۆلۆژیا و گروپی نوێ، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە زلەکە بە خێرایی، هاتنە کۆڕی خەباتەوە. بەداخەوە بە سەروسیما و مۆرکی حیزبایەتی و ئەقڵێتی تاقە حاکمی گۆڕەپان و پاوانخوازی و دڕندۆکی لەگەڵ یەکتردا، هەنگاویان هەڵهێناوە و ئەندامانی خۆیان گۆشت کردووە.

بێ خۆهەڵدانەوە و لووت خشان لە هەوری ئاسمان و بە درۆکردن و فووی فشە کردنە خۆ ، لەم ڕووبەر و واقیعەی خەبات دا، تەنها کار و تێکۆشان و بیرکردنەوەی **پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک** شێوە و ئامانج و مانایەکی دیکەی هەیە، یاخود بارگاوین بە خەسڵەت و مانای جیاواز. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە و پیرۆزییەی گوتارە ڕەپوڕاستەی پاسۆک بووە خاوەنی و بانگاشەی بۆدەکرد و بە پراکتیکیش نوێنەرایەتی دەکرد.

گەر مێژوو نەشێوێندرێ و هەر کەس و لایەک هەق و مافی خۆی لەگەڵدا بکرێ و بدرێتێ، پێوەرەکانیش لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژووییەکان و ڕاستگۆیی شۆڕشگێڕیی و دڵسۆزی و پابەندبوون بێت، بۆ پیرۆزی و گەورەیی و مانای « نەتەوە و نیشتمان» و شۆڕشە ڕەواکەی، ئەوا کەس ناتوانێ شان بدات لە شانی پاسۆک، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی خەباتەوە لەو ئیمکانێتەی بۆی لواوە و دەسەڵاتی هەبووە.

بێئاگایی بەشی هەرە زۆری جەماوەر لەم ڕاستییانە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پاسۆک دەزگایەکی بەهێز و کاریگەر - ڕادیۆ و تیڤی- نەبوو. تا بتوانێ ئەم باس و ڕووداوانە خێراتر و باشتر و ڕاستەوخۆتر بگەیەنێتە جەماوەر. لەلایەکی ترەوە ئەوەی دوێنێ خاوەنی دەسەڵات و ئیمکانێتێ بوو، ئەمڕۆش بە هەمان شێوە، بێ ڕوحمییەکی گەورە دەکات لەگەڵ مێژوودا. لە نووسینەوەی مێژوودا شێواندن دەکات و هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دوێنێمان و تەنانەت ئەمڕۆکەشدا هەر نابەپرسانەیە.. بۆ ئەم باسەی لێرەدا دەیخەمە بەرچاوتان.- کە خودی ڕووداوەکەم لە دەمی بکەری چالاکییەوە و کۆمەڵێ بەشداربووەوە وەرگرتووە - ئاوڕدانەوەیە لە یەکێ لەچالاکییە هەرە دیارەکان، لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک دا. بەداخەوە زۆر کەس لێی بێ ئاگان و لە مانا و ناوەڕۆک و

ڕەهەندەکانی تری حاڵی نەبوون. دواتر بەندە لەچەند گۆشەنیگایەکەوە تیشکی بایەخ و گرنگی و تاقانەیی دەخەمە سەر چالاکییەکە.

سەرەتا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، ئامانجی ئەم ئاوڕدانەوەیە بۆ خۆ ستایشکردن و پاداشت وەرگرتن و لۆمە و سەرزەنشتکردنی هیچ کەس و لایەک نییە، بەڵکو زیاتر بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی و قارەمانێتی و پاکێتی و دڵسۆزی کەم وێنەیە، بەمانا فراوانەکەی کوردایەتییە. شایانی وتنە، ونبوون و فەرامۆشکردن و نکۆڵی کردنی ئەم چیرۆک و ناواخن و هەڵوێستە جوانەکەی، کە مشتێ لەخەروارێکە!،بەرلەوەی نادیدەگرتنی بکەرەکەی( پاسۆک) و شێواندنی ناوەکەی و خودی ڕاستییەکان بێت، ناهەقییەکی گەورەیە بە مێژوو و سەربڕینی ڕاستییەکانە بە چەقۆی کوول.

پاسۆک.. هەر لە ڕسکانییەوە، بایەخی زۆری دا بە ڕێکخستن و خۆ پەروەردەکردن و ئامادەکاریی و تێگەیشتن، لە چەمکی شۆڕشکردن و خەباتی ڕزگاری نیشتمان و هۆشیارکردنەوەی تاکی شۆڕشگێڕی کورد - پێشمەرگە - ی خۆنەویستی گیان لەسەر دەستی کوردایەتی، لە ناهۆشیاریی و ڕەشۆکێتی دڵسۆزانەی بێ ستراتیژ و پرنسیپێتی. هەر بۆیەشە لە سەرەتاوە یەکێ لە دروشمە ناوەندی و گەشەکانی **« چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە»** ی بڵند کردەوە. بەڵێ بڕیاری تەرخانکردنی قورسایی ١٠ساڵ خەباتی سەرەتا، بۆ خۆ چەکدارکردن بوو، بەو خەسڵەت و مانایانەی لەسەرێ ئاماژەمان پێدان. ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتەش بوو، سەلماندی کە ڕێکخستنەکانی پاسۆک بە تایبەتی لە شاری سلێمانی بەهێزترین و تۆکمەترین ڕێکخستنی دەست وەشێن و چالاک بوون و لە کەرکووکیش زۆر چالاک گاریگەربوون لە پەروەردەکردنی ئەندامان،دوژمنیش لێی تۆقا بوو. لەو ڕۆژگارەدا ئەرکی ڕێکخستنەکان سەخت و فرە لایەن بووە. کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمن و خۆفرۆشان، یەکێ بووە لە چالاکییە بەرچاو و گرنگ و زیندووەکانی ڕێکخستنەکان. بێ ئەم میتۆدە، کاری پێشمەرگە و شۆڕش لە شارەکاندا سەخت بوو.

قوتابی/ خوێندکارە عەرەبەکان کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی بەناو « یەکێتی نیشتمانی بۆ قوتابیانی عێراق» ڕێک خرابوون، سەر بە پارتی بەعس بوون. ئەم ڕێکخراوە پیسەییە هیچی لە دەزگایەکی هەواڵگیریی و ئاسایشی کەمتر نەبوو. هەم سیخوڕییان بەسەر خوێندکارە کوردەکانەوە دەکرد، هەمیش گوشاری زۆریان بۆ بەعسیکردن دەخستە سەر خوێندکارە کوردەکان. لەم ڕووەوە ئەوانیش ناو زڕاو بوون.

هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق ١٩٨٠- ١٩٨٨، دەرفەتێکی باشی خوڵقاند بۆ ئاوێتەبوونی زیاتری هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان و جەماوەر. توانرا سوودێکی باش لە لاوازی و کزی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستاندا ببینرێ. بەڵێ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو، کەم شەو هەبووە، مەفرەزەیەکی پاسۆک یان زیاتر نەهاتبێتە شاری سلێمانییەوە و بە چالاکی و دەستکەوتی جۆراوجۆرەوە جێ دەستی خۆی بە ڕووداوەکانە نەخش نەکرد بێت. شار و گەڕەکە ئازاد و نیمچە ئازادەکانی ئازادی و گۆیژە و سەرکارێز و ئیبراهیم پاشا و گردی سەیوان، گەواهی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن. جۆری چالاکییەکانیش دەست وەشاندن بوو لە دامو دەستگا و سیمبۆڵ و هێزە دڕندەکانی ڕژێم و سزادانی تاوانبار و خۆفرۆشان و تەمێ کردن و ئامۆژگاری کردنی هەڵخەڵەتێندراوان و پروپاگەندەی ئەرێنی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر و تۆقاندنی داگیرکەر. چالاکییەکانی پێشمەگەی پاسۆک بەشێکی باشیان لە لاپەڕەکانی ئاڵای سووری کوردایەتیدا لەژێر ناونیشانی**« تیشکێ لە خۆری کوردایەتی- دێڕێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی»** دا بڵاو کراونەتەوە. **یەکێ لە دیاترینیان:**

ـ شەوی ١٦-١٧/ ٢/ ١٩٨١ دەستەی شەهید **« ملازم محەمەد شەوقی»** دێنە ناوشاری سلێمانییەوە، کۆمەڵێ وردە چالاکی دەکەن، لە دانانی بازگە و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش بۆ خەڵک و تەمێ کردنی هەندێ خۆفرۆش. نیوەشەوێکی درەنگ لەگەڕانەوەدا بە لای بینایەکی بەرزدا تێدەپەڕن، کە هێشتا گڵۆپەکانی داگیرساوە و جمەی دێ لە خەڵک. زوو بۆیان ئاشکرا دەبێت، کە ئەمە بەشی ناوخۆیی خوێندکارە عەرەبەکانە ناو زڕوەکەیە، کە پێشتر کۆمەڵێ ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانیان لەسەر هاتووە و باسی ڕۆڵ و بوونی خراپی ئەمانە دەکەن.

بە پێی پلانێکی ژیرانە، کە زادەی ئەو چرکەساتەیە، فەرماندەی مەفرەزەکە ئاگاداری پێشمەرگەکان دەکاتەوە و پێیان دەڵێ : دەچینە سەر ئەم بەشە ناوخۆییە و کەستتان ورتە و قسە ناکەن و هەر بە ئاماژە و دەست ڕاوەشاندن قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن. فەرماندەی ژیر و خاوەن ئەزموون تەنیا ١٤ پێشمەرگەی لەگەڵ دەبێت. سەرەتا چوار پێشمەرگەیان لەبەر دەرگا و ناوەوە دادەمەزرێنێ. ئینجا دەرگا دەشکێنن و هێڵی تەلەفونەکە دەپچڕێنێ و بە ٦ پێشمەرگە و بە جلی کوردییەوە دەچنە دوا نهۆمی خوێندکارەکانی لێیە. هەموویان کۆ دەکرێنەوە و بەزمانێکی عەرەبی ڕەوان و دبلۆماسێتیکی بەرزەوە، سەرەتا و نابەدڵانە و بە درۆ!، دەکەوێتە پیاهەڵدان بەشانوباڵی بەعس و شۆڕش و سەددام دا. دوای کاژێر و نیوێکی قسەی لەم جۆرە دەڵێ: ئێستا کارێکی تایبەتی گرنگمان هەیە، کێ ئامادە هاوکاریمان بکات!.( ئەو ڕۆژگارە هێزە هەواڵگریی و ئاسایشەکانی ڕژێم زۆرجار بەجلی کوردییەوە دەردەچوون، بۆ لە سەرلێشێواندنی جەماوەر)!. لەگەڵ ئەم گوتنەدا، نزیکەی ٢٠٠ خوێندکارێک دەستیان بەرز دەکەنەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە چالاکییەکەدا دەدەبڕن. فەرماندە سەرەتا سەری دەسووڕمێ و دیارە بۆ ئەو بارودۆخە کەم دەرفەتە و بوونی ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە، کۆنترۆڵکردنی دوو سەد کەسی دیل زۆر زەحمەت دەبێت. بۆیەکا بروسکەئاسا بیرۆکەی ئەوەی بۆ دێ ، هەر ژمارەیەکیان لە دیارەکان، واتە ئەندام و بەرپرسە گەورەکانیان لێ هەڵدەبژێرن. ئیدی یەکە یەکە بانگیان دەکات و لە پلەی حیزبییان دەپرسێ. ئەوەی زۆر پەرۆشە و«نصیر»و« نصیر متقدم» بەرەو ژوورە، جیایان دەکەنەوە ئەوانی دیکە بەڕەڵا دەکەن.

دەرئەنجام ٣٠ کەسێکیان لێ جیا دەکرێتەوە کە ٨ یان خەڵکی ئوردون دەبن. هەر لە حەوشەی بەشی ناوخۆییەکەدا، ٣ یان، لە مەسەلەکە تێدەگەن، دەست دەکەن بە گریان و کڕووزانەوە. ئەو سیانە بەجێی دێڵن.. پاش تۆزێ لەناکاو لەبەردەم دەرگای دەرەوەی بەشی ناوخۆییەکەدا ، کابرایەکی تێکسمڕوای کەتەی زل بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕێیان پێ دەگرێ و دەڵێ: گەر ئێوە ئەمانە بەرن من ئابڕووم دەچێ. فەرماندەش لەکاتێکدا دڵی بەتەواوی بەم پاسەوانە دەسووتێ، لێ لەوەڵامدا دەڵێ: گەر تکەیەک ئابڕووشت نەمێنێ هەر دەیان بەین.

**مولام شوان،** کە مێژووی لە مێژووی پاسۆک جیا ناکرێتەوە، هەزاران جار گیانبازی بە ژیان و ڕۆحی کردووە و لەمەرگ گەڕاوەتە، فەرماندە و ئەندازیار و پاڵەوانی ئەم داستانەیە لەتەک دەستەیەک لە ڕۆڵە هەرە جەربەزە و ئازا و لێهاتووەکانی پاسۆکدا. م. شوان دەڵێ: بەهەر ناری عەلییەک بوو خوێندکارەکانمان بە نەعل و بیجامەوە، گەیەندرانە گوندی قرگەی نزیک شار و چیای گۆیژە... لەوێ پشوویەکی کورت دەدەن و پێڵاوی لاستیک و جلوبەرگ بۆ خوێندکارەکان دابین دەکرێ.. دوای ئەوە کێشە و مەترسییەکی تر دێتە بەردەم مەفرەزەکە. ئەویش بریتییە لە ڕێگای پشتی قرگە و هەڵگەڕان بەگۆیژەدا، ڕێگایەکی باریک و سەختە و کۆمەڵێ ڕەبایەی سەربازیش بەسەر چیای گۆیژەوە بوون. کۆنترۆڵکردنی ٢٧ کەسی دیل لەلایەن ١٤ پێشمەرگەوە کارێکی ئاسان نەبووە. بۆیەکا فەرماندە بە

بیرۆکەیەکی تری زرنگانە، بیر لە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکات و خوێندکارەکان کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێ: ئێستا بەم تووڵە ڕێ بارکەدا بۆ ئەودیو ئەم شاخە هەڵدەگەڕێن. ئەوەی هەر جموجوڵێک بکات و لە ڕیز و ڕێگاکە دەرچێ، لەم ناوە گورگی برسی و دڕندە دەیخوات. ئەوسا هەر کەسە خۆی بەرپرسە دەبێت لە ژیانی خۆی نەک ئێمە!. بەم شێوەیە و لە ترسا بێ قڕەوبڕە هەموو ڕێگاکە دەبڕن و دەگەنە گوندی بناویلەی شارباژێر.

دیمەنی ئەم دیوی ڕووداوەکە و پەردەیەکی دیکەی ئەم شانۆیە، بریتییە لەشپرزەیی و دۆخی هستریایی هەموو داودەزگاکانی ڕژێمە لە شاری سلێمانی و کەرکووک و بەغدا و ئوردن و سووریا و لای فەلەستینی و - خوێندکارە ئوردونی و فەلەستینییە بەجێماوەکان هەر زوو هەواڵیان دابوو بە لایەنە پێوەندارەکانی خۆیان - و کۆمکاری عەرەبی. ڕژێم دەکەوێتە پەلەقاژە و تەماح بەردانە بەر ئەم لایەن و ئەو کەسایەتی بۆ ئازادکردنی خوێندکارەکان. شاندێکی پاسۆک کەوتە گفتوگۆ!، لێ بەهیچ ئاکام و دەستەکەوتێ نەگەشت. ئەم وەخۆ کەوتنەی ڕژێم، هۆکارەکەی ڕوونە: کاری لەم چەشنە چاوەڕوان نەکراو بوو، لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە قەبارەی چالاکییەکە زۆر گەورە و کاریگەر بوو. گوشاری بەردەوامی مەلیک حسین و حکومەتی ئوردونی لەسەر بوو، لەو ڕووەوەی قوتابییەکانی میوانی دەوڵەتێکی عەرەبی بوون و بەم چارەنووسە ترسناکە گەیشتوون . هێزێک ئەم چالاکییەی ئەنجام داوە، ڕەنگە لە هەژمارد و لێکدانەوەکانی ڕژێمی عەفلەقدا، زۆر بەکاریگەر و گرنگ ڕیزبەند نەکرا بێت... بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو هەموو پێشنیازەی بە پارە و دەستکەوتی کەسی و حیزبی پێشکەش کرد و گوێی لێ نەگیرا... ئیدی بەم دۆخە پێشهاتووە ڕژێم هێندەی تر شپرزە و هەراسان بوو. ڕژێم کەوتە هەواڵ ناردن لەرێی لایەن و کەسەکانی خۆی و پیاو ماقوڵانی کوردستان، فەلەستینییەکان بەسەرکردایەتی یاسرعەرەفات کەوتنەجموجوڵ لە ڕێی ڕوو لێنان و گوشار بۆهێنان بۆ رەوانشاد مام جەلال و د. مەحمود ، کە ئەو دەم لە سووریا بوون. سکرتێری یەکێتی نیشتمانی دووجار سەغڵەت بوو. جارێ گوایە ئەو حاکمی گۆڕەپانەکەیە و چالاکییەکە لەدەڤەری دەسەڵاتی ئەودا کراوە و لایەنی تر نەک حیزبەکەی ئەو چالاکییەکەیان کردووە، تا دەستکەوتەکەی بچنێتەوە و جارێکی تریش وەک دۆستێکی نزیکی وڵاتە عەرەبی و فەلەستینییەکان. بەم شێوە ئەمانیش واتە سکرتێری یەکێتی و دکتۆر مەحمود کە لە دیمەشق بوون، بەردەوام پەیوەندییان دەکرد و نامەیان داوای ئازادکردنی دەستبەجێی گیراوەکانیان دەکرد. بیانووشیان ئەوە بوو با زیان بە پەیوەندی کورد و فەلەستینییەکان نەگات!. حکومەتیش لای خۆیەوە لە سەرێکەوە لەتەک هەوڵەکانی بەم شێوازە بۆ ئازادکردنی خوێندکارەکان، لە سەرێکی ترەوە سەرگەرمی نەخشەکێشانی سیاسی و لەشکریش بوو. ئاخر ئەم چالاکییە، سەلماندنی کە بەعس و ڕژێمەکەی دەسەڵاتیان بەسەر شاری سلێمانیدا نییە و لەتەک کوشتنی مامۆستاکەی زانکۆدا، بووە هۆکاری ئەوەی ڕژێم زانکۆی سلێمانی بگوێزێتەوە شاری هەولێر.

پاسۆک ملی نەدا بۆ هیچ تەماحێکی مادی کە خرابووە بەردەمی- بۆ نموونە، ئەگەر پاسۆک نێتی بەدەستهێنانی دەستکەوتی خۆیی بوایە، خۆ دەیتوانی بڕە پارەیەکی زۆر بە ملیۆنەها وەرگرێ و خۆی پێ پۆشتەوپەرداخ و تەیار و چەکدار بکات و بەو پارەیە خزمەتێکی هاوبیرەکانی خۆی بکات-. لێ گوێی بە هیچ تکا و گوشارێکی کەس و لایەنێک نەدا و ئەو دەستکەوتانەشی ڕەتکردووە.. بەڵکە لە بری ئەوە،وەک پارتێکی خاوەن دۆزی نەتەوەی ڕەفتاری کردوو و بەرپرس لەبەردەم مێژوودا، کۆمەڵێ داواکاری - دواتر لە ڕەهەند و ماناکانی، وەک گەوهەری ئەم باسە دەدوێین- وەک پاکێجێک، دا بە ڕژێم. داواکارییەکان لە ڕووی چۆنێتییەوە ڕاستەوخۆ لە داوای سیاسی و نەتەوەییدا خڕ بوونەتەوە و گەلێ جیاوازن لە هەموو ئەو داخوازییانەی تا ئێستا، لە لایەنەکانی ترەوە خراوەتە بەردەم دوژمن. یاخود لەم

جۆرە هەرا و قەیرانانەدا پێشکەش ڕژێم کراوە و داوا کراوە. چونکە داخوازییەکان ڕەهەندی جیاوازتریان هەیە.

ڕژێم بێ ئەوەی بیەوێ دان بنێ بە داواکانی پاسۆک دا،وەک نیشاندانی نیێت پاکی گورجوگۆڵانە هەندێ کاری کرد. دەستی کرد بە بەردانی ١٠٠ خێزانی کەسوکاری پێشمەرگە و بەرپرسی هەموو لایەنەکان. کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی گەورە و دەستکەوتێکی سیاسی و مێژوویی بوو. کشانەوەی هێزە ئوردونییەکە و نەهاتنی هێزی دیکە بۆ کوردستان، خاوکردنەوەی زەبروزەنگ لەسەر شاری سلێمانی.(ئەمەش ناواخن و ناوەرۆکی بەشێکی هەرە زۆری داخوازییەکانی پاسۆک بوون،دواتر بەڵگەکان دەبینن). شاراوە نییە هێزێکی کەم دەرامەتی وەک پاسۆک لەو ڕۆژگارە دا، لە قۆناغی خەباتی پارتیزانی و لە ناوچە و دەڤەری وێرانکراو و خاپووردا بوو. ڕووداوەکان لە هەناوی جەنگێکی خوێناوی درێژخایەنی نێوان عێراق و ئێران دا بوو . کۆمەڵێ پارت و ڕێکخراوی ناتەبا و دوژمن بەیەک لەسەر گۆڕەپانی باشوور کوردستان هەبوون دژ و نەیار بوون بە پاسۆک. توانای زەبەلاحی زەمینی و ئاسمانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی و کۆمەڵێ فاکت و دێفاکتۆی تر لەسەر زەمینی واقیعە خوڵقا بوون، کە وایان کرد، بۆ پاسۆک سەخت بێت، ئیدارەدان و هەڵسوڕاندن و شاردنەوە و بەخێوکردنی ٢٧ زیندانی/ بارمتە.







سکرتێری یەکێتی دوای نائومێدبوونی لە هەڵوێستی پاسۆک، داوای لە یەکێتی کرد بوو بەهێزەوە بێنە سەر پاسۆک و ئەو خوێندکارانە ئازاد بکەن. بۆ ئەوەی خۆیان بە پیاوەتی بۆ عروبە بیاندەنەوە یان پێیان بفرۆشنەوە. هێزێکی گەورەی زیاتر لە ٣٠٠ پێشمەرگەوە کەوتنە دووی هێزەکەی پاسۆک.

ملازم شوان ، وەک سەرکردەیەکی کارامە و چاونەترس و خاون ئەزموون و دەرچووی ئەکادیمیای تایبەتی لەشکریی، دەستەیەک لە هاوبیرە ئازا و بەجەرگەکانی پاسۆک، بۆ تاوتوکردنی ئەم دۆخە لە گوندی پوشێن کۆبوونەوەیەک ساز دەدات و چەند بڕیارێک دەدەن: یەکەم هێزەکە دابەشی ٣-٤ مەفرەزەی بچووک بچووک دەکەن و خوێندکارەکانیشیان بەسەردا دابەش دەکات. دووەم بە دابەشکردنە بۆ خۆپارێزی لە ڕژێم کە لە زەمین و ئاسمانەوە بەتەمای هێرش و دابەزین بوو، ئەرکەکە دژوار و قورس دەکەن. سێیەم هاوکات بۆ خۆ لادان لە شەڕی برایانی یەکێتی، بڕیار دەدات بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێ بکەوێ. تا دواتر لەوێوە بگەنە سەرکردایەتی پاسۆک کە لە داوداوێ بوو. ڕۆژێک هێزەکەی یەکێتی بە پلان و فرت و فێڵ و بەناوی داوای کۆبوونەوە گەمارۆی هێزێکی پاسۆک بە فەرماندەیی ڕەوانشاد مولازم کەریم لە گوندی عازەبان دەدەن. کاتێ دەزانن خوێندکارەکان لای ئەم هێزەی پاسۆک نییە، تەڵەکە بەڕووی خۆیاندا دەتەقێتەوە و ناوچەکە بێ ئەنجامدانی هیچ کۆبوونەوەیەک بەدەست بەتاڵی بەجێ دێڵن. شایانی ئاماژە پێدانە، بڕیار و پلانی چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای ٣ خاڵ بوو:

١ـ حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران، دۆستێکی نزیکی پاسۆک بوو. پاسۆکیش لە ڕۆژانی میحنەتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و ئازادکردنی ناوچە کورییەکان کۆمەکی پێویستی حیزبی دیموکراتی کرد بوو.
٢ - حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشتر هۆشیاری بە هەموو لایەنەکان دابوو، هەر لایەک لەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا شەڕی یەکتر بکات، دیموکراتیش لێی دەدات. بەم دوو خاڵەش دەتوانرێت ڕێ لە یەکێتی ببەسترێتەوە و ئەوە بوو کۆڵیان دا.

٣ - دەوڵەتی عێراقیش ناتوانێ لە ڕۆژهەڵات، هیچ ئۆپەراسیۆن و چالاکییەک بکات. شێرە کوڕانی پاسۆک لە پووشێنەوە بە گوندەکانی دۆڵپەموو و چاڵەخەزێنە و پەڕینەوە لە چەم و ڕووباری خوڕ و سەرکەتن بە شاخ، بە هیلاکی و شەکەت و ماندوویەتییەکی زۆر بەڕێگای شێخەڵمارێن و ئاوی گۆڵێ و سوورەبان بە سەرماوسۆڵەی زستانی ئەو دەڤەرە کوێستانە خۆ دەگەیەننە بلەکێ ؟ ئیدی ئالێرە دەبێت کەشوهەوایەکی سارد و زریانی زستانێکی سەخت و تووش و جوگرافیایەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و چیای بەرز، بهێنیتە بەرچاوی خۆت ، مرۆ خۆی بەتەنها توانای ڕێ کردنی ، کەچی پێشمەگەکانی پاسۆک کۆمەڵێ دیلی عەرەبیشیان پێش خۆیان داوە!. بەڕاستی ئەم باس و دیمەن و قارەمانێتییە، بۆ خۆیان کەرەسەیەکی هێجگار زۆر باشن بۆ نووسینی دەیان ڕۆمان و سازدانی فیلمی کوردی. ئاخر قارەمانێتی و ڕەوتی ڕووداوەکان هیچیان لە دیمەنی فیلمەکانی هۆلیۆد کەمتر نییە!. ئازایەتی ژەنەڕاڵی مێژووی گەلان هەر هێندەی لێهاتوویی و ئازایەتی مولازمە کوردەکەی پاسۆک و پێشمەگەکانی بووە!. ئەی بۆ نا؟! خۆ خەڵکی تریش نیوەی ئەوانەی ئێمەیان کردووە/ نەکردووە، کەچی ناویان بە گەورەیی چۆتە مێژووەوە و نەوە بە نەوە دەیگێڕنەوە و شانازی پێوە دەکەن.

لەم کاروانی هات و نەهاتەدا جار هەبوو پێشمەرگەکان شەو و ڕۆژێک بێ پشوو بە ڕێگای سەخت و هەڵەموت و دژواردا ڕۆیشتوون. هەر بۆ خۆی پەڕینەوە لە پردی دۆڵێ سەرکێشییەکی تەواو گەورە بووە. بە تەنیا تەماشایەکی ئەو ئاوە خوڕە بەسەر ئەو پردەوە، لە شووڵک و بنەمێو دروستکراوە، بۆ خۆی دەبێتە مایەی سەرسوورخوادن و گێژبوون و کەوتنە ناو ئاوەکە و هەپروون بە هەپروون بوون. لەبەر ئەم هۆیە و پابەندی مۆڕاڵی و مرۆیی بە ژیانی ئەو بارمتانەوە، خودی ملازم شوان هاوکاری پەڕینەوەی یەکە بەیەکەی خوێندکارەکانی کردووە. لە ڕێگا خوێندکارەکان زەحمەتی ڕێ کردنیان هەبووە. لەتەک ئەم هەموو چەرمەسەرییەدا. ئینجا سەرماوسۆڵە و زریان بەفربارین هەڕەشەی گەورەی لەسەر ژیانیان دروست کردووە. بەڕادەیەک هەموو دوودڵ بوون لە مان و ژیان و وتوویانە: داخۆ بڵێی بەم هەموو گیانبازیی و ڕاکەڕاکەیە گەیشتووینەتە ئێرە و، ڕزگاربووین لە هەڕەشەی ڕژێم و یەکێتی، ئێستا سروشت بەهەڕەشەکانی بمانکوژێ!؟.... بەڵێ سەرما و برسێتی فەرماندە و پێشمەرگە و دیلەکان بەتەواوی شەکەت دەکات . ئا لەم کاتوساتەدا ڕووداوێکی خۆش و ڕێکەوتی سەیر دەبێتە یادگارییەکی شیرینی لەیادنەچووەوەی ئەو چرکەساتە سەختانە. ئەویش ئەوەیە ڕۆژێ هەموو بە ڕێگاوەن لەپڕ گەنجێکیان لێ پەیدا دەبێت ، سەروو ڕەحەتەلقومێکی قەبارە گەورەیان دەداتێ. ئەوانیش بەتامی نان و کەباب نۆشی دەکەن و ئاهێکیان وەبەردا دێتەوە. دواتر چەند پووشە خورمایەکی بەجێماو دەدۆزنەوە، ئەوانیش هەر بە تامی کەباب لەگەڵ دیلەکان دا دەخۆن. تادواتر بە دژواری و زەحمەتێکی زۆر دەگەنە سەرکردایەتی لە داوداوێ.

ـ دەرئەنجام دوای کۆبوونەوە و گفتوگۆی چڕی سەرکردایەتی ، لەسەر داوای چەندین جارەی مام جەلال و دکتۆر مەحمود ، ئوردونییەکان ئازاد دەکەن و دواتریش بەرودوا عێراقییەکان. ئەمە چیرۆکی ئەو داستانەیە کە نەخش بووە، بە کۆمەڵێ باس و خەسڵەت و تایبەتمەندی زۆر جیاواز، کە لە مێژووی ئەوانی

تری جودا دەکاتەوە. ئامانجی ئەم نووسینە ، بەیاد هێنانەوەی ئەم باسە گرنگ و بە بایەخە و سەرنج گرتنە لێی لە ٣ ڕەهەندەوە:

***له رووی سیاسییه‌وه:***

- وەشاندنی ئەم گورزە لە ڕژێم و لەردەمەدا، گەورەترین چالاکی نموونەییە، کە ڕەهەندیی سیاسی لەناوەوە و دەرەوە وەرگرت.

- پەیامێکی کوشندەی دایە مەلیک حسین و لەشکرەکەی، کە هاتبوونە هانای سەددام و لە کوردستان نیشتەجێ کرابوون. گفت وابوو هێزی تریش ڕەوانە بکەن، دواجار کشانەوە و هیچی دی نەهات.
- ئازادکردنی کۆمەڵێ گیراوی سیاسی هەموو لایەنەکان، کەسوکاری پێشمەرگە، لە منداڵەوە هەتا پیر و پەککەوتە.

- دامودەزگاکانی ڕژێم لە سلێمانی و کوردستان بەخۆیاندا هاتنەوە و تێگەشتن لە شوێنیک بن، دەستی پۆلایینی کوردیان هەر دەگاتێ. دەبێت هەمیشە وەک کەسی تۆقیو ژیان بەسەر بەرن.

- بەرزبوونەوەی ورەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگە.

***له رووی ئایدۆلۆژی و فیکرییه‌وه***:

لەم ساتەوەختەدا گیانی حیزب حیزبێنە و دڕندوگی لەیەکتر و ململانێی ناپیرۆز و شەڕی یەکتر و ناکۆکی سیاسی و ئایدۆلۆژی نێوان هێزەکان دیاردەیەکی زەقی سەر گۆڕەپانەکە بوو. پاسۆک ساڵێک پاش ڕسکانی بەرنامەی « **بەرەی کوردستانی یەکگرتوویی هاوتای**» پێشکەش بە هەموو لایەنەکان کرد بوو. مەخابن ئەم باسە جێی بایەخ و باوەڕی هیچ لایەنێک نەبوو. بۆیەکا هیچ جۆرە بەرەو و فۆرمێکی پێکەوە کارکردن لە ئارادا نەبوو. بەڵام پاسۆک وەک هێزێکی پابەندی جددی بە پرنسیپ و ستراتیژ و بیروباوەڕەکەی و چەمکی کوردایەتییەوە، توانی باز بدات بەسەر ئەم هەموو ئاستەنگ و دابڕدابڕبوون و خۆخۆیی و خۆویستییەدا و بە باوەڕ بەخۆبوون و گەورەییەکی تر و ڕۆحی کوردانەیەکی بەرز مامەڵە دەکات. لەم هەلومەرجەدا پاسۆک بۆ خەباتکردنەکەی وەک هەمیشە چ جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی و فیکری و حیزبی ناکاتە پێوەر. هەورەک دەبینن لە پاکێجی داواکارییەکان دا، داوای ئازادکردنی ٢٠ گیراوی هەر یەک لە: یەکێتی و زۆر بەتایبەت پارتی کۆمەنیستی عێراق! و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان دەکات . تەنانەت کۆمەڵەی مارکسی!، کە باڵێکی سەرەکی یەکێتی بوو، بەجیا داوای ئازادکردنی ١٠ خێزانی گیراویان دەکات و لە خواری خواری لیستەکەوە، داوای ئازادکردنی ١٠ خێزانی پاسۆکیش دەکات. هەڵوێست و مامەڵەی لەم چەشنە و بە ئەقڵێتی پێوەری ئەو سەردەمەی ململانێ ناپیرۆزەکانی پاش شۆڕشی ئەیلوول،زۆر تاقانە و بێهاوتایە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە چ حیزبێکی سیاسی؟!، نەک هەر سیاسەتی کردبێ و بکات، بەڵکو لە قۆناغی خەباتی چەکداریشدا بێت، دێت و کاری وا دەکات!. تەنها مەگەر ئەوانەی بە قەناعەت و باوەڕ و ئیمانەوە، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی پێش بەرژەوەندی حیزبی و کەسی دەخەن. ئەو حیزبە پاسۆکی ناوە. لەم هەڵوێستە مێژوویەدا بە باوەڕی بەندە، داواکاری ئازادکردنی کەسوکاری پارتی کۆمۆنیستی عێراق، سەرتۆپی ئەو شانازییانەن کە پاسۆک بە کردەوە و لەسەختترین ساتە وەختەکانی خەبات و تێکۆشان دا و لەگەرمەی ڕۆژگاری ململانێ گەرم و خوێناوییە ئایدۆلۆژییەکاندابە ناوازەیی تۆماری کردووە.

با.. خوێنەر بچێ و ئەرشیڤی بڵاوکراوەکانی ئەو ڕۆژگارەی لایەن و قەڵەم بەدەستە چەپ و مارکسییەکان بخوێنێتەوە. تا بزانێ چۆن سیخناخن بە هێرشی ناشایستە و داتاشینی چیرۆکی قێزەون و هێرشی نامەردانە، بۆ سەر بیری نەتەوەیی و باوەڕ و ئیمانی کوردایەتی کردن بە پاسۆکیشەوە !. جا ئەوسا لە بایەخی بێهاوتای ئەم بیرکردنەوە و هەڵوێستەی پاسۆک تێدەگات. چەپ گێڕ و فەریکەمارکسی و کۆمەنیستی کۆپیکراوی کوردی و دەروێشەکانی ماو لاساییکەرەوەی گەلانی سەردەست، لەچاوی بەرژەوەندی باڵای ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشقەوە سەرگەرمی ناشیرینکردنی وێنەی بیری نەتەوەیی و ڕێبازەکەی بوون . هەندێکیان پەنایان بۆ توندوتیژی و تیرۆریش دەبرد و لەهەوڵی گەمارۆدان و لەناوبردنی پاسۆکدا بوون. کەچی پاسۆک دێ و چاوپۆشی لەم هەموو ڕاستییە بەد و تاڵانە دەکات و داوای ئازادکردنی کەسوکاری ئەو لایەن و گرووپانە دەکات. ئەمە مەگەر هەر لە پاسۆک بوەشێتەوە وەک زۆر جارانی تریش لێی وەشاوەتەوە. ئاخر پاشخانی هاندەر و بزوێنەر و تۆمارکەری ئەم هەڵوێستە بێوێنەیە ، ئەو هێز و وزە و ئیلهام و پیرۆزییەی " چەمکی کوردبوون" ە، کە لە پانتایی و قوڵایی باوەڕ و ڕێبازی نەتەوەیی کوردایەتی کردندا بەرجەستە بووە.

ئەم هەڵوێستە و زۆری تریش تا ئێستا کوتەکێکن بۆ لمۆزی ئەوانەی بێ پسان خەریکی دژایەتی بیری نەتەوەیی و هەڵڕشتنی ژەهراون . بنۆڕن! لە ئێستا هێز و کەسانی تر گەندە و خراپەکارن، کەچی ئەم داروەستەیە، هەورەک ڕسپێردراین! یەکبینە هێرش دەکەنە سەر بیری کوردایەتی!.. ئاخر زۆرن ئەوانەی ژەنگی چڵکنی ئایدۆلۆژی هێشتا بەری نەداون و پاسۆک بە داخراو و دژە کۆمەنیست و ڕەگەزپەرست و عەرەبکوژ و تەنانەت زیادڕەویش دەکەن بە شۆڤێنی ناوزەد دەکەن. ئەوە ئێمە بەم نموونەیە و گەلێ هەڵوێستی تریش ـ بەرە بەرە لە داهاتوودا دێینە سەریان ـ لەسەر زەمینەی واقیع ئەوەمان تۆمار کردوە. ئەی ئێوە کوا تیۆری و پراکتیکتان بۆ دۆزی کورد؟!....کوا شەڕی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا؟!. کوان ئەو کادێرانەی ئێوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان پەروەردەتان کردوون؟! کوان هەڵوێستی بەرزی ئێوە بۆ کورد،وەک چەپی میللەتانی تر بۆ نەتەوەکەی خۆیان تۆماریان کردووە؟ ئێوە هێندەی خەباتتان دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کردووە، دەتانویست لەم ڕێگایەوە ئاڕاستەی ستراتیژی کورد لە ململانێ و شەڕی داگیرکەرانی بکەنە پاشکۆی بزاڤی ناسیونالیستی عەرەب و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی بووە، تاکە خەون و ئاوات و ستراتیژتان و...هتد. سەبارەت بەم هەڵوێست و بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیاپەرستییە،مامۆستا مەسعوود محەمەد،وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێ:"
**کۆمیۆنیستی کورد ئەگەر با بدنەوە بەرەو ئامانجەکانی قوەمایەتی و چارەنووسی نەتەوایەتی کورد،بادانەوەیەک کە پێداویستی بیروباوەڕێکی تازەیان بێ، لە هەموو تاقمێک زیاتر دەتوانن خزمەتی کورد بکەن.چونکە هەم پێوەندی دۆستایەتییان بەملاو بەولادا شریتەی کێشاوە ـ ئەمە ساڵی ١٩٨٤،نوسراوە شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی پایەدار بوون .هەڵۆ ـ هەم پتر لە خەڵق قسەیان لێ دەسەلمێندرێ".**

*__لە ڕووی نەتەوەیەوە__*:

گەر تەماشای ناوەڕۆکی داواکارییەکان بکەین و خوێندنەوەیەکی خێرایان بۆ بکەین، یەکەوە ڕاست ئەو هەقیقەتەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ناواخنی داواکان نەتەوەیین و هیچ داوای حیزبی و کەسی نین. لەمەش زیاتر سوود و قازانج و دەستکەوتەکە بۆ بەرەیەکی فراوان و فرە ئایدۆلۆژی و جیهانبینی جیاوازە. بۆ

کۆمەڵێ حیزبە لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕی جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆژی. داواکان داوای پارە و پلە و پایە و خۆبردنە پێشەوە لەداگیرکەر و موزایەدەی حیزبی نییە.

لە ڕیزی داوای ئازادکردنی کەسوکاری پێشمەرگەدا، ناوی پاسۆک دوای هەموو لایەنەکان هاتووە. واتە ئێمە درەنگ خۆمان وەبیر هاتۆتەوە. ئەمەش خەسڵەتێکی گەوهەری شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە. لەمەش گرنگتر پاسۆک ئامادەیی دەربڕیوە، دەستەبەرداى گیراوەکانی خۆی بێت بەمەرجێ هی لایەنەکانی تر بە مسۆگەری ئازاد بکرێن. ئەمەش ڕەگەزێکی تری بیری کوردایەتییە، کە هەڵگرانی ئەم بیر و ڕێبازە بێنیاز و زۆر لە خۆبووردوون لە خەباتکردن دا.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژە پێدانە، پێویستە تیشکێکی بخەینە سەر ئەوەیە، ئەو سەردەمە لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی کوردکوژی و براکوژی و هیواکوژی لە نێوان بەشێکی بەرچاوی حیزبەکانی سەر گۆڕەپانەکەدا گەرم بوو. پاسۆک ئا لەم چرکە ساتەدا مۆری ڕەسەنایەتی و پیرۆزی بیر و هەڵوێستی نا بە تەوێڵی مێژووی خەباتییەوە. ئەمەش سەروەرییەکی نەتەوەیی و مێژوویی و ڕوو سووریی و هەڵوێستی بان ماناکانی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕییە.

گەلۆ .. دەزانن باوک و دایکی پیر و پەککەوتەی سەروو ٧٠ ساڵەی خودی فەرماندەی ـ م. شوان ـ ئەم قارەمانێتییە، یەکێک بوون لە گیراوەکان لە شاری بەسرە. ئیدی دڵسۆزی و لە خۆبوردوویی و بێنیازی لە خەبات و گیانبازی بۆ کوردایەتی، لەمە گەورەتر هەیە؟ داخۆ هیچ بەڵگە و ئارگومێنتێکی ترتان گەرەکە؟. هەقە ئەوە بڵێین لەسەردەمی بوونی بەرەی کوردستانیش دا، کە هەموو هاوپەیمان بوون و ئیمزای پرۆتۆکۆلی لە نێوان حیزبەکاندا ئەنجام درا بوو، لایەنەکان هەر بە ئەقڵی زلهێزی و خۆخۆری و تاکرەوانە مامەڵەیان دەکرد. بەداخەوە لە زۆر بواردا ئێستاش بە بوونی حکومەتەوە و هەر حیزبەی بەدوای دەستکەوتی خۆیەوەیەتی.

لەم ڕووەوە نموونەی ناشیرین زۆرە ئێمە باسی بکەین. هەر لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ دەستەی باڵای بەرەی کوردستانی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات و بۆ کۆڕەوەکەی١٩٩١ و پێشتر بۆ کەمپەکانی پەنابەرانی کورد لە تورکیا. هەمووی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، بە ئاشکرا دیزە بەدەرخۆنە کرا. خۆم لەم ڕووەوە ئاگاداری ٤-٥ نموونەی زیندووم،ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە.

ئەو ڕاستییەی لێرەدا خۆی دەسەلمێنێتەوە و وەک پرسیارێ قووت دەبێتەوە، ئەگەر بهاتایە و هەر لە سەرەتاوە و پێکەوە بە ڕۆح و گیان و باوەڕ و پرنسیپ و ستراتیژی نەتەوەییانە/ پاسۆکانە کار بکرایە، داخۆ کورد لە قۆناغێکی تەواو جیاواز و گەلێ پێشکەوتووتر لە ئێستا نەدەبوو؟!. بێگومان و هیچ دوودڵییەک حاڵمان حاڵی ئێستا نەدەبوو.








**خوێنەری خۆشەویست و مێژوونووسان و لێکۆڵەران**

ئەمە لاپەڕەیەکی زۆر زۆر گەش و زیندووی جێی بایەخ و هەڵوێستێکی گرنگی قۆناخێکی تایبەت و هەستیاری پاسۆکە و گرنگە بۆ ئەوانەی ئەم مێژووە دەنووسنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن لێی ئاگادار بن. پێویستە ئەم باسە و هاوشێوەکانی لە بەرایی لاپەڕە گەشەکانی بزاڤی کوردایەتیدا تۆمار بکرێ. ئەگەرنا بەپێچەوانەوە مێژوویەکی تژی، لە درۆ و شێواومان بۆ دەنووسنەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە، پاسۆک نەیتوانی بەم چالاکی و قارەمانێتییە، سەرباری ئەو دەستکەوتانەی ئاماژەمان پێداوە، لەسەر ئاستێکی بەرزتر شتی گەورەتریش بەدەست بهێنێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە، گەر بهاتایە کورد یەکگرتوو تر و خاوەن ناوەندێکی بڕیاردان و سەکردایەتییەکی بەهێز بووایە. بێگومان چالاکییەکە دەنگدانەوەی گەورەتری دەبوو و هاوکات دەتوانرا دەستکەوتی باشتری لەسەر ئاستی جۆراوجۆر پێ بەدەست بهێنێ. ئەوەی دواتر زانرا یەکێ لە خوێنکارەکان، کوڕی یەکێ لە بەرپرسە گەورەکانی فەلەستینی بووە. لێ بەداخەوە زۆربەی لایەنەکان، نەک لێنەگەڕان پاسۆک بەتەنیا، یاخود بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەواندا، چ پلان و بەرنامە و داخوازییەک دابڕێژێ. ئەوان بە هەموو شێوازێکی ناڕەوا، مرخیان لەوە خۆش کرد بوو بە خۆشی یان بە ناخۆشی، ئەو قوتابییانە لەدەست پاسۆک دەربهێنن و خۆیان دواتر سنگی پێوە فش بکەنەوە یاخود مشتێ دەستکەوتی حیزبی و کەسی بۆ خۆیانی پێ بەدەست بهێنن.

@@@@@

**{{ لێرە بەدواوە دەقی بابەتەکە وەک بەڵگە و دیکۆمێت لە ژمارە٣ ی ئاڵای سووری کوردایەتی ، ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک نیسانی ١٩٨١ نەورۆزی ٢٥٩٣ دا دەخەینە ڕوو}}...**

لە شەوی ١٦-١٩٨١/٢/١٧ دەستەی شەهید « ملازم محمد شوقی» چوونە سەر بەشی ناوخۆی زانکۆی سلێمانی لە نێزیک گردی سەیوان، پاش ئەوەی سەعاتێک ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتییان بۆ قوتابیان ڕوونکردەوە و هانیان دان کە لەبەردەم زەبروزەنگی دڕندانەی بەعسیاندا خۆڕاگرن، لە نێوان« ٤٥٠ »قوتابیدا ، «١٩»قوتابی بەعسی لە « نصیر» بەرەو ژوور و «٨» قوتابی ئوردونییان بە بارمتە گرت. ئەمەش ناونیشان و پلەی حیزبییانە.

| ناو | تەمەن | خەڵکی | کۆلیج | پلەی حیزبی |
|---|---|---|---|---|
| ١- ربیع توفیق قاسم | ١٩٦١ | الاردن | العلوم | —— |
| ٢- لوی احمد رفاعی | ١٩٦٣ | الاردن | التربیه | —— |
| ٣- محمد هایل ممدوح | ١٩٦٢ | الاردن | التربیه | —— |
| ٤ -ایاد اکرم الحبلونی | ١٩٦٣ | = | الهندسه | —— |
| ٥ - سامی حمد العوده | ١٩٦٢ | = | الزراعه | —— |
| ٦ -خالد عبد المعطی | ١٩٦١ | = | التربیه | —— |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ -عونى عسى برهم | ١٩٦٢ | = | الاداب | ـــــ |
| ٨- فرحان محمد فرحان | ١٩٦١ | = | العلوم | ـــــ |

****************

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ -سلام عبدالجبار طاهر | ١٩٥٩ | الانبار | الزراعه | نصير متقدم |
| ٢ -عجاج شحاده حمودى | ١٩٦١ | التاميم | التربيه | نصير |
| ٣ - وعدالله سعدى عبدالله | ١٩٦٠ | موصل | التربيه | عضو |
| ٤ -على قاسم مربوش | ١٩٦١ | بغداد | الاداب | نصير |
| ٥ -عامر فاضل داود | ١٩٦٣ | ديالى | التربيه | نصير متقدم |
| ٦ -ابراهيم محمود جاسم | ١٩٦٢ | ديالى | التربيه | نصير |
| ٧- ثائر سامى فرج | ١٩٦٠ | بغداد | التربيه | نصير |
| ٨ - نمير ناظم عبدالجبار | ١٩٦٢ | بصره | التربيه | نصير |
| ٩ -باسم عبد عباس | ١٩٦٠ | ديوانيه | التربيه | نصير |
| ١٠- اسعد فائق عبدالحافظ | ١٩٥٨ | بصره | التربيه | نصير متقدم |
| ١١ -عبدالناصر عواد مليك | ١٩٦٢ | بصره | التربيه | نصير |
| ١٢- سعد مرزوک حسن | ١٩٦١ | كربلاء | التربيه | نصير |
| ١٣ - صاحب مهدى محمد | ١٩٥٩ | بغداد | التربيه | عضو |
| ١٤ -عبدالكريم رحيم رستم | ١٩٥٨ | ديوانيه | العلوم | نصير |
| ١٥ -اياد صاحب هاشم | ١٩٦٢ | بابل | الزراعه | نصير |
| ١٦ -سامى صاحب صفوک | ١٩٦٠ | بغداد | الهندسه | نصير |
| ١٧ -عبدالكريم اباهيم حمود | ١٩٥٨ | بغداد | التربيه | نصير |
| ١٨ -زياد طارق على | ١٩٦٢ | الانبار | الهندسه | نصير |
| ١٩ -عامر حميد سليمان | ١٩٦٢ | بغداد | علوم | نصير |

سەرنج: **زۆربەی خوێندکارە بەعسییەکان، لە کۆلیجی پەروەردەن!. ( هەڵۆ بەرزنجەیی)!!..**

**جەماوەری بەشەرەف و ستەمدیدەی کورد**

ئەگەرچی ئێمە تەنها حەکەم و دادوەرێکمان هەر جەماوەری زەحمەتکێشی کوردە و بەس.... ئەوەی دەیکەین ئەرکێکی پیرۆز و پێویستی سەرشانمانە . نە چاوەڕوانی ئافەرین و نوقڵانەین ، نە دزە خونجینە و « میزاجی پرتەقاڵی» داگیرکەرە و بودەڵانیشمان بەلاوە مەبەستە، بەڵام بۆ ئەوەی کەس کاوێژی « نان و پیاز» مان پێوە نەکات و بازرگانی سوکانە و بێ ئابڕوانە بە خواست و ویست و مەسەلە ڕەواکەمانەوە نەکرێت. بە پێویستمان زانی لە بارەی چنیەتی و شێوە و جۆر و مەبەست لە بە بارمتەگرتنی ئەو قوتابیە بەعسییانەدا ڕوونکردنەوەیەک بخەینە پێش چاوان:

١ -ئاشکرایە ئەوەی بەعسی بێت، جا فەرمانبەر، مەلا، قوتابی، سیخوڕ، ئەمن هەرچییەک بێت بەعسییە و لەشوێن و هەڵکەوتی خۆیدا دەوری جاسوس و ئەمنێک دەبینێ بەسەر جەماوەری گەلەکەماندا.

٢ -چۆن »ئەمنی سیاسی« و » ئەمنی ئابووری« و » ئەمنی ناوخۆ و دەرەوە« هەیە ئاواش « ئەمنی ڕۆشنبیریی- الامن الثقافی« هەیە.... تەنها جیاوازیان ئەوەیە ئەمانە لە بەرگی « نیلیی و خۆڵەمێشی« دان! ئەگەر وردی کەینەوە ئەمانە خەتەرترن چونکە ئەمنی ڕەشۆکی ناتوانێ و بۆی نالوێ وەکو ئەمان چاودێری و دووی قوتابیە نابەعسییەکان بکەون.

٣ -ئەمانە لە نێوان » ٤٥٠ « قوتابیدا هەڵبژێردراون و هەموویان بەدەمی خۆیان دانیان ناوە بەوەی کە لە پلەی « نصیر» بەرەو ژوورترن، کە دیارە پلەیەکی وا هەڵکشاو لە بەعسدا - جا هەرچییەک دەبێ با ببێ- دوژمنێکی سەرسەختی هەموو گەلی عێراقن.!

٤ -ئەمانە لە پا و پارسەنگی گیرانی سەدان خێزانی پێشمەرگەدا گیراون، کە لە منداڵی شەش مانگەوە تا پیرەمێرد و پیرێژنی هەشتا ساڵە لەزیندانە ترسناکەکانی بەعسدا لەژێر دڕندانەترین چەرمەسەری و تۆقاندنی « دەروونی و جەستەیی/ نەفسی و بەدەنی» دان.

٥ - قوتابییە ئوردونییەکان دژبوون و جموجوڵی داگیرکەرانەی سوپای « مەلیک حوسەین»ی خۆفرۆشی داگیرکەر لە کوردستاندا گیراون.

هەرچەندە هەندێ بێ بێ ئابڕوو و » مبتور« بۆ خۆبردنە پێشەوە و گێرەشێوێنی قاوی ئەوەیان داختووە گوایە ئەمانە « فەلەستین» ین بن! وەنەبێ ئەمەش لە خۆشەویستی و دڵسۆزی فەلەستینیان و کوردەوە بکەن... چونکە ڕابووردووی خۆیان و دەورووبەریان لاپەڕەی زۆر ڕەش و پڕ شەرمی پەیوەندییان لەگەڵ « ئیسرائیل» دا هەیە!!... ئەمەش تەنها بۆ شێواندن و دڵ کرمێیی دەکەن...

جائێمە هەرزوو تەڵەی تەفیوی ئەوانەمان بەڕووی خۆیاندا تەقاندۆتەوە،کاتێ کە(فەلەستینیەکان) تکای ئازادکردنی قوتابییە ئوردونییەکانیان لە حیزبمان کرد ، وەکو ڕوویەکی دۆستانە بڕیارمان دا تکایان قبووڵ بکەین و بۆیان ئازاد کەین... لەگەڵ پیشاندانی بەڵگەیدەمی و دەستی ئەواندا کە« ئوردونین..!!

پێش ئەوەش بۆ ئەوەی کە دەریخەین« سەربەخۆیی» و « بڕوا بەخۆبوون» و « خۆیبوون» چۆن دەبێ:
یەکەم- بە توندی ڕەفزی ئەو تەماعانەمان کرد کە نرایە بەرمان بۆ بەکارهێنانی ئەم مەسەلەیە بەو جۆرەی لایەک دەیەوێ!! ڕەفزمان کرد.،کە ببینە پرد و خەڵکی تر بەسەرماندا بپەڕنەوە. بائەو پەڕینەوەیەش بۆ لێدانی بەعس بێت...

دووەم- ئەو مەرجەی دانرابوو بۆ کێشانەوەی سوپای داگیرکەری ئوردون لە کوردستان« نەک لە عێراق، چونکە لە« حەمرین» بەرەو خوار پەیوەندیدار نییە بە ئێمەوە!» گۆڕدرا بە « سڕکردنی /

تجمیدکردنی»جموجوڵی ئەو سوپا داگیرکەرە. نەبادا - خێر خوایان- بەلایەنی چەوتیدا لێکدانەوەی بۆ بکەن... ئێمە لە کێشەی شەڕدا« گامان لە گاڕاندا نییە، تا پێی ڕۆڵەی خۆمانی بۆ بەفر بردوو بکەین....«

O -مەرجمان بۆ بەردانی ئەو قوتابیانە بەردانی خێزانی گیراوی پێشمەرگەی کوردبووە. هەتا ڕازیش بووین بەوەی کە خێزانی پێشمەرگەی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی تر بەربدەن و ئەوانەی ( پاسۆک)بشهێڵنەوەهەرڕازین...

٧ -بە فەرمی ئاگاداری میریمان کردۆتەوە، کە ئامادەین ئەو قوتابیانە بەربدەین بەو مەرجەی «١٠٠ »خێزانی گیراو بەم جۆرەی خوارەوە بەر بدەن:

٢٠ خێزانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

٢٠ خێزانی حیزبی شیوعی عێراق

٢٠ خێزانی پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠ خێزانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

١٠ خێزانیکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- کە باڵێکی یەکێتە-

١٠ خێزانی پاسۆک

**چونکە ئێمە سەنگەر لە هیچ کوردێکی دڵسۆز جوێ ناکەینەوە.**

٨ -ئاگاداری هەموو لایەنە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانمان کردووە چ بەدەمی و چ بە نووسراوی فەرمی کە نوێنەریان بنێرن و چاومان پێیان بکەوێت... هەر پێشنیاز و بارێکی سەرنجیشیان لەم بارەیەوە هەبێت دەخرێتە پێشچاو و پێشوازی لێ دەکرێت...

بۆ هەر مەسەلەیەکی دیکەش هەروا دەکەین چونکە ئێمە« **پێش ئەوەی هەر شتێ بین...کوردین»** . حەزیش دەکەین دۆست و دوژمن چاک بزانن ئێمە بەتەنگ بەرژەوەندی ڕەوای نەتەوەکەمانەوە نەبێت، کە جووتە لەگەڵ بەرژەوەندی ورەوایی مرۆڤایەتیدا ، بەتەنگ هیچ شتێکی دیکەوە نایەین و بەتەمای ئەوەش نین سبەی بەعس یان هیچ داگیرکەرێکی دیکە باڵی ڕەحم و مەرحەمەتمان بەسەردا بکێشێ. تا یەک پۆستاڵی ڕەش لەم نیشتمانەدا مابێت، ئێمە لە جەنگێکی پیرۆزی مان و نەماندایین لەگەڵیاندا و چۆن بۆمان هەڵکەوێ و لە کوێ بۆمان هەڵکەوێ - ئەوەندەی بتوانین - دەست ناپارێزین.

ئێمە بەعسایەتی و زایۆنیزم لێک جوودا ناکەینەوە، کوردیش وەک فەلەستینی نیشتمان داگیرکراو و چەوساوەیە. ئەوان چۆن ڕەفتار دەکەن بەرامبەر بە داگیرکەریان، ئێمەش - نەک لەڕووی لاساییکردنەوە، بەڵکو لەڕووی ڕەوابینی ئەو ڕێبازە - هەمان ڕەفتار لەگەڵ داگیرکەرماندا دەکەین، چونکە بانی شۆڕشگێران یەک هەوایە... کێش بازرگانی پێوە دەکات، خوا بازاڕی بێ شەرمی بدات...




**************************************